گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەیەکی شوێنجێی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوەندی قەزای دەشتی هەولێر

**هوشمند جوهر عباس**
بەش کۆمەڵایەتی, کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەتی , زانکۆ صلاح الدین ، هەولیر ، کوردستانی عیراق
hoshmand.abbas@su.edu.krd

**سەنگەر احمد حسین**
بەش کۆمەڵایەتی, کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەتی , زانکۆ صلاح الدین ، هەولیر ، کوردستانی عیراق
sangar.hussein@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/١٥
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٩/١٨
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Educational Services, Erbil Plain District Center, Analysis of Location, Functional Ability

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.22

## پوختە

خزمەتگوزاری فێرکارییەکان، یەکێکە لە خزمەتگوزارییە گرینگەکان کە پێشکەشی دانیشتوان دەکرێت، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و لە ڕێگایەوە دەتوانرێت شارستانی بونیاد بنرێت و کۆمەڵگاش پێشکەوتن و پەرەسەند بە خۆیەوە ببینێت. لەو سۆنگەیەوە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەبارەی شیکردنەوەی شوێنجێیی خزمەتگوازرییە فێرکارییەکان لە ناوەندی قەزای دەشتی هەولێر بە پێویست زانراوە، چونکە پەروەردە وەك سیستەمێکی کارکردی یەکپارچە کۆمەڵێك توخمی پێکەوە بەستراو، تێیدا ڕۆڵی یەکتر دەبینن و دەبن بە تەواوکەری یەکتری.

ئامانجی توێژینەوەکە دیارکردنی شێوازی دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوازارییە فێرکارییەکانە لەگەڵ دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرانبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکییدا. بەشی یەکەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان خراوەتە ڕوو. لە بەشی دووەمیش هەڵساوین بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوزرییە فێرکارییەکانی شارەکە. بەشی سێیەمدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیشک خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان.

## پێشەکی:

خزمەتگوزاری فێرکارییەکان وەك یەکێك لە خزمەتگوازرییە گشتییەکان، کە لەشار پێشکەشی دانیشتوان دەکرێت، گرینگی و بایەخی زۆریان هەیە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەخویان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە. لە چوارچێوەی ئەوەی کەرتی پەروەردە پەیوەستە بە بونیادنانی داهاتوو، بۆیە حکوومەت دەبێت هەوڵی دابینکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بدات، تا ئەوەی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی زیاتر بەدی بێت و بە جۆرێك بێت ئاستی پێشکەشکردنەکەی لە ئاستی ستانداری جیهانی بێت. لە سۆنگەی ئەوەی ئاماژەمان بۆ کردن بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەی ئاستی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوەدی قەزای دەشتی هەولێر ئەنجام بدەین، چونکە ناوچەی توێژینەوە وەك بەشێکی دانەبڕاوی سەنتەرە شارستانییەکان بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و چالاکییەکان تێیدا پێویستی بە دابینکردنی ئەم جۆرە خزمەتگوازرییە هەیە. بەمەش لەم توێژینەوەیەدا بە دواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی شوێنیی و وەزیفی خزمەتگوازرییە فێرکارییەکان دەکەین، تا ئەوەی بزانیین توانای دامەزراوەکانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوازرییەکان بە دانیشتوانەکەی چەندە؟.

شایەنی باسە، لەم توێژینەوەیەدا تەنیا تیشك خراوەتە سەر خزمەتگوازرییە فێرکارییە گشتییەکان (حکومییەکان) و باس لە خزمەتگوازرییە فێرکارییە تایبەتەکان (ئەهلییەکان) نەکراون. لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزای دەشتی هەولێر لە سەنتەرە قەزاکە (بنەسڵاوە) و سێ ناحییە پێك دێن، ئەوانیش ناحییەکانی (دارەتوو، کەسنەزان و قوشتەپە)، ڕووبەری گشتی قەزاکە (1307 کم2)یە. بڕوانە: خشتەی (1).

خشتەی (١): ڕووبەری یەکە کارگێڕییەکانی قەزای دەشتی هەولێر (کم٢) و ڕێژەکانیان، 2022

| ز | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر | ٪ | ز | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بنەسڵاوە | 43 | 3.28 | ٣ | قوشتەپە | 799 | 61.13 |
| ٢ | کەسنەزان | 262 | 20.04 | ٤ | دارەتوو | 203 | 15.53 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ڕووبەری گشتی قەزاکە | 1307 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.6 .

**گرینگی توێژینەوە:**

گەشەسەندن و فراوانبوونی شارەکە، پێویستی بەخوێندنەوەیەکی ورد لەسەر خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان هەیە. ئەمەش بەهۆی گرینگی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە دانیشتوانی شارەکە دەکرێت.

نەبوونی خوێندنەوەیەکی ورد لەسەر خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بە بەکارهێنانی تەکنیکی بەکارهاتوو (GIS).

کێشەی توێژینەوە:

لە ئەنجامی پێڕەونەکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی فێرکاریی، ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بوونی هەیە، ئەوەش کاریگەری لەسەر سروشتی کارکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان دروست دەکات. لەو چوارچێوەیەدا دەبێت دەستنیشانی واقیعی خزمەتگوازرییە فێرکارییەکان و ئاستی کارامەیی بکرێت و شیکردنەوە بۆ ئەدای بۆشایی و کردارییان بکرێت.

**گریمانە توێژینەوە:.**

نەبوونی پەیوەندی هاوسەنگ لەنێوان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان و قەبارەی دانیشتوان بەپێی پێوەرە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.

نەگونجانی دابەشبوونی شوێنیی دامەزراوەکانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان و تایبەتمەندی تەلارەکانیان لەگەڵ پێوەرەکانی پلاندانانندا.

دابەش نەبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بە شێوازێکی رێك و پێك.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

شیکردنەوەی شوێنی دابەشکردنی جوگرافی خزمەتگوازرییە فێرکارییەکان لە ناوەندی قەزادی دەشتی هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرخستنی کەموکوڕییەکانی بەپێی پێوەرەکانی پلاندادان.

**میتۆدی توێژینەوە:**

توێژینەوە زانستییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێک هەیە، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانییان پشتیان بە میتۆدی ئیستقرائی بەستووە، لە هەمان کاتدا میتۆدی شیکاری ئاماریش بەکار هاتووە، بۆ دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی شوێنجێیەتی دابەشبوون و توانستەکانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێك ئاماژە و پێوانەی پلاندانان تایبەت بە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان.

**پلانی توێژینەوە:**

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەم ناوچەی توێژینەوە و ناساندنییان دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بۆ کراوە.

لە بەشی دووەمدا شیکردنەوەی شوێنجێیەتی سروشت و تایبەتمەندی و شێوازی بڵاوبوونەوەیان ڕوونکراوەتەوە . بەشی سێیەم پێوانەکردنی توانستە وەزیفییەکانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

### 1 – 1 ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان

### 1-1-1 ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

ناوچەی تۆژینەوەمان سەنتەری قەزای دەشتی هەولێرە کە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر و کەوتووەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر.

لە ڕووی کارگێرییەوە قەزای دەشتی هەولێر لە چوار ناحیە پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە: لە ناحیەکانی سەنتەر (بنەسڵاوە)، کەسنەزان، قوشتەپە، دارەتوو.

لە ڕووی جوگرافییەوە ناوچەی توێژینەوە لە بەشی باکوور ڕۆژهەڵاتەکەی ناحیەی کەسنەزانە و بەشی باشووریشی ناحیەی دارەتووە لەڕۆژئاواشدا هاوسنوورە لەگەڵ شاری هەولێر نەخشەی (1).

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق


بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە رووی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) یەوە ناوچەی توێژینەوە نێوان بازنەکانی پانی (36:8:30 5- 11:30 : 36 5)) باکور وە هێلەکانی درێژی (1:: 44 5 – 4:30 : 44 5 ) ی رۆژهەڵات.

ژمارەی دانیشتوانی بەردوام لە زیادبوونە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان پێویستییەکی هەنووکەیی و داهاتووی بەردەوامی دانیشتوانی شارەکەن، وە لە (13) گەرەگ پێکهاتووە.

نەخشەی (1) ناساندنی ناوچەی توێژینەوە بەگوێرەی پارێزگای هەولێر




سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە

-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئامار هەولێر، بەشی (Gis) نەخشەی بنەسڵاوە، 2022.

### 2-1-1 دابەشبوونی ئێستایی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە ناوچەی توێژینەوە لەساڵی 2022:

جوگرافیا گرنگی دەدات بە شوێن بۆیە توێژینەوە و بایەخدان و بەستنەوەی بابەتەکان بە شوێنەوە بە پێکهێنەری سەرەکی دادەنرێت، هەروەها دبەشبوونی جوگرافی بابەتێکی گرنگ و سەرەکییە لە توێژینەوەی جوگرافیادا. هەر بۆیە بە خاڵی دەستپێك لەلێکۆڵینەوە جوگرافییەکاندا دادەنرێت. چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شوێنەوە هەیە، کە ئەمەش خەسڵەتی جوگرافی پێ دەبەخشێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەسەرنجدان بەخشتەی (2) و نەخشەی (2) کە تایبەتە بە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، بەگوێرەی گەرەکەکانی شار کە ژمارەیان (13) گەرەکە، جیاوازیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە ژمارەو ڕێژەیی لە دابەشبوونیان بەم شێوەی لای خوارەوە:

هەریەکە لە گەرەکەکانی (چوارچرا گوڵان) بەرزترین ڕێژەی خزمەتگوزرییە فێرکارییەکانی شارەکەیان لە خۆگرتووە بە ڕێژەی (16.21 -13.51%)، هەروەها کەمترین ڕێژەش لە هەر یەك لە گەرەکەکانی (ئاوێنەی شار و هیران ستی2) (2.70%). هەروەها لە ڕووی ژمارەی بینایە هەریەکە لە گەرەکەکانی (چوارچراو گوڵان) دێن، بە ڕێژەی (17.85 -14.28%) هەر یەکە لە گەرەکەکانی (ئاڵتون ستی وراپەرین و قەڵای نوێ) لە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (10.71%)، لە پلەی سێیەم هەریەك لە گەرەکەکانی( ئازادی و گەرەسوو ) دێن بە ڕێژەی (7.14%)، پاشان هەر یەکە لە گەرەکەکانی (ئاوێنە شار و هیران ستی2 و نەوروز) دێن بە ڕێژەیی (3.57%) نزمترین ڕێژەیان هەیە.

خشتەی (2) دابەشبوونی ژمارەو و ڕژەیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە ساڵی2022

| ژ | گەرەگ | ژ. خزمەتگوزاری فێرکاری | % | ژ. بینا | % |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاوێنەی شار | 1 | 2.70 | 1 | 3.57 |
| 2 | هیران سیتی2 | 1 | 2.70 | 1 | 3.57 |
| 3 | ئالتون ستی | 4 | 10.81 | 3 | 10.71 |
| 4 | گوڵان | 5 | 13.51 | 4 | 14.28 |
| 5 | ڕاپەرین | 3 | 8.10 | 3 | 10.71 |
| 6 | نەورۆز | 3 | 8.10 | 1 | 3.57 |
| 7 | ئاشتی | 4 | 10.8 | 3 | 10.71 |
| 8 | ئازادی | 3 | 8.10 | 2 | 7.14 |
| 9 | قەڵای نوێ | 4 | 10.8 | 3 | 10.71 |
| 10 | گەرەسوور | 3 | 8.10 | 2 | 7.14 |
| 11 | چوارچرا | 6 | 16.21 | 5 | 17.85 |
| 12 | سەری بلند | - | - | - | - |
| 13 | ناوچەی پیشەسازی | - | - | - | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | گشتی | 37 | 100 | 28 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە

1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2022.

2 – سەردانی مەیدانی لە رێکەوتی 2022/1/10

نەخشەی (2) دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە (2022)




سەرچاوە کاری توێژەران:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر،بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە (2022)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئامار هەولێر، بەشی (Gis) نەخشەی بنەسڵاوە، 2022.

### 3-1-1 دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بەگوێرەی گەڕەکەکان

دابەشبوون بە کرۆکی کاری جوگرافی دادەنرێت ، هەندێ جاریش وا لەجوگرافیا دەروانرێت کە زانستی دابەشبوونی شوێنییە. دابەشبوونی شوێنیی دیاردە جوگرافیەکان بە یەکێك لە بایەتە گرنگەکان دادەنرێت لە زانستی جوگرافیادا، بۆیە دابەشیوون لە جوگرافیادا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دیاردەکان لە شوێنیکدا، یان ئەو ڕێکخستنەیە کە لە ئەنجامی دابەشبوونی دیاردەکان بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت دەردەکەوێت.(الخير،2000، ص282) لەبەر ئەمەشە کە توێژەران بەگشتی و

توێژەری جوگرافی و پلاندنەران بە تایبەتی گرنگی پێدەدەن و پشتی پێ دەبەستن هەروەها بەکارێکی گرنگی دادەنێن لە توێژکردنی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکانی شار و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەم دابەشبوونە. لەم باسەدا هەوڵ دەدەین باس لە دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بکەین بە پێی قۆناغە جیاوازەکان.

### 4-1-1 :دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵان:

باخچەی منداڵان بە یەکێك لە جۆرەکانی خزمەتگوزاریی فێرکاری دادەنرێت، لە سەرەتاترین قۆناغی فێرکاری هەژمار دەکرێت و ڕۆڵێکی گرنگ لەم بوارەدا دەگێڕێت، بەهۆی باخچەی منداڵانەوە کە گرنگی دەدات بەفێرکردن و پەروەرکردنی منداڵ لەسەرەتای تەمەنیاندا هاوکاری زۆر خێزان دەکات و ڕۆڵیشی بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیاریەتی دایکان هەیە کە وا دەکات بەشێوەیەکی ئاسانتر کارو فەرمانی ڕۆژانەیان ئەنجام بدەن.(حمەعلی،2016،لا62)، تەمەنی منداڵ لە نێوان 4-5 ساڵی دەچێت بۆ باخچەی منداڵان .دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی جیاواز لەناوچەی توێژینەوەدا دابەشبوون کە لە خشتەی (3) .

خشتەی (3): دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی منداڵ و مامۆستا و پۆڵ باخچەی منداڵان لەسەر ئاستی گەرەگ لە ناوچەی توێژینەوە ساڵی (2021-2022)

| باخچەی منداڵان | گەرەگ | ژ.منداڵ | % | ژ. مامۆستا | % | ژ. پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕاقە | ئالتون ستی | 102 | 15.59 | 14 | 42.42 | 5 | 27.77 |
| بنەسلاوە | ئاشتی | 347 | 53.05 | 12 | 36.36 | 7 | 38.88 |
| گولدان | گەرەسوور | 205 | 31.34 | 7 | 21.21 | 6 | 33.33 |
| کۆی گشتی | 3 | 654 | 100 | 33 | 100 | 18 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە

1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2022.

2 – سەردانی مەیدانی لە ڕێکەوتی 2022/2/14

لەخشتەی (3) بۆمان دەردەکەوێت کەوا لەناوچەی توێژینەوە لە کۆی (13) گەرەگ تەنها (3) گەرەگ باچخەی منداڵانیان هەیە ئەوانیش گەرەکەکانی (ئالتون ستی- ئاشتی- گەرەسوور) بەجۆرێگ کۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گشتی ژمارەی منداڵان (654) منداڵە هەروەها بەرزترین ڕێژەش باخچەی بنەسڵاوەیە لە گەرەگی ئاشتی بە ڕێژەی (53.05%) هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتە بۆ شوێنی جوگرافی باخچەکە دەکەوێتە ناوەراستی شارو نەبوونی هیچ باخچەیەکی تر لە دەورووبەریدا، هەروەها نزمترین ڕێژەش لە ژمارەی قوتابی باخچە راڤە دێت بە ڕێژەی (15.59%) سەبارەت بە ژمارەی مامۆستا باخچەی راڤە بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (42.42%)، هەر یەکە لە باخچەکانی بنەسڵاوە و گولدان لە پلەکانی دووەم و سێیەم دێن بە ڕێژەی (36.36 -21-21%)، هەروەها لە رووی ژمارەی هۆلەکانی فێرکاری کە ژمارەیان 18) هۆڵن، باخچەی بنەسڵاوە بە (7) هۆڵی فێرکاری زۆرترین ژمارەی هەیە و باخگەی راڤە بە (5) هۆڵی فێرکاری کەمترینە. ناوچەی توێژینەوە لەرووی باخچەی مندالان بەشیوەیەکی ناهاوسەنگ دابەشبوون، کە کاریگەری لەسەرئاستی توانستی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان دەبێت.

**1-1-5:دابەشبوونی شوێنی قوتابخانەی بنەرەتی قۆناغی (1-6):**

ئەم قۆناغە بە بەگرنگترین قۆناغی خوێندن دادەنرێت لە دامەزراوە خرمەتگوزارییە فێرکارییەکان، ئەم قۆناغەی خوێندن بە گشتی ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کەوا تەمەنیان لە نێوان (6-12) ساڵدایە (الهیتی،2013،ص97). قوتابخانە بنەڕتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی نا هاوسەنگ بەسەر گەرەکەکانی شارد دابەشبوونی خشتەی (4) .

خشتەی (4): دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی قوتابي و مامۆستا و پۆڵ قوتابخانەی بنەڕەتی (1-6) لەسەر ئاستی گەرەگ لە ناوچەی توێژینەوە ساڵی (2021-2022)

| قوتابخانە (1-6) | گەرەگ | ژ.قوتابي | % | ژ. مامۆستا | % | ژ. پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زەوەند | ئاڵتون ستی | 128 | 1.01 | 18 | 1.97 | 6 | 2.87 |
| سانان | گولان | 1132 | 9 | 75 | 8.23 | 15 | 7.17 |
| ڕۆندك | گولان | 109 | 0.86 | 16 | 1.75 | 9 | 4.30 |
| گەرمیان | گولان | 947 | 7.53 | 64 | 7.02 | 14 | 6.69 |
| لانە | ڕاپەرین | 1027 | 8.16 | 83 | 9.11 | 13 | 6.22 |
| شهید اسکندر | ڕاپەرین | 1157 | 9.20 | 74 | 8.12 | 17 | 8.13 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەلوەند | ڕاپەرین | 1075 | 8.54 | 69 | 7.57 | 16 | 7.65 |
| بنەسڵاوە | ئازادی | 345 | 2.74 | 11 | 1.20 | 8 | 3.82 |
| شەهیدانی یەکی شوباتی | ئازادی | 672 | 5.34 | 42 | 4.61 | 10 | 4.78 |
| ئاکام | چوارچرا | 576 | 4.58 | 58 | 6.36 | 12 | 5.74 |
| تابلۆ | چوارچرا | 626 | 4.97 | 43 | 4.72 | 12 | 5.74 |
| ساقە | چوارچرا | 972 | 7.72 | 52 | 5.70 | 10 | 4.78 |
| پەری | چوارچرا | 589 | 4.68 | 34 | 3.73 | 9 | 4.30 |
| هەردی | چوارچرا | 562 | 4.46 | 79 | 8.67 | 9 | 4.30 |
| دەڤەر | قەڵای نوێ | 654 | 5.20 | 57 | 6.25 | 11 | 5.26 |
| قەڵای نوێ | قەڵای نوێ | 614 | 4.88 | 42 | 4.61 | 15 | 7.17 |
| شوان | گەرەسوور | 1268 | 10.08 | 79 | 8.67 | 17 | 8.13 |
| گەرەسوور | گەرەسوور | 123 | 0.97 | 15 | 1.64 | 6 | 2.87 |
| گشتی | 18 | 12576 | 100 | 911 | 100 | 209 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە

1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2022.

2 – سەردانی مەیدانی لە ڕێکەوتی 2022/2/14

قوتابخانەی بنەڕەتی قوناغی (1-6) ژمارەیان (18) قوتابخایە، بەشێوەیەکی نا یەکسان دابەشوونە بەسەر گەرەکەکانی شاردا. بەجۆرێك لە ڕووی لەرەگەزەوە (14)یان قوتابخانەی تێکەڵاون، ژمارەی قوتابی (12576) قوتابین، قوتابخانەی شوان بە پلەی یەکەم دێت کە ژمارەی قوتابی (1268) قوتابین بە ڕێژەی (%10.08) شەهید ئەسکەندر و سانا یەك دوای یەك لە پلەی دووەم و سێیەم دێن بە ڕیژەی (9.20 -9 %). نزمترین ڕێژەش لە ڕووی ژمارەی قوتابی قوتابخانەی ڕۆندك دێت بە ڕێژەی (%0.86). هەرچی تایبەتە بە ژمارەی مامۆستایانی قۆناغی (6-12) ساڵ لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان (911)مامۆستایە، قوتابخانەی لانە بەرزترین ڕێژەی (%9.11) هەر یەکە لە قوتابخانەی هەردی و شوان لە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (%8.67). نزمترین ڕێژەش قوتابخانەی گەرەسوور (%1.64) بەرزترین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەی پۆلی فێرکاری کەوتوونەتە هەر یەك لە قوتابخانەکانی (شەهید ئەسکەندەر- شوان) بە ڕێژەی (8.13%) نزمترین ڕێژەش لە هەریەك قوتابخانەکانی زەوەند —گەرەسوور دێن بە ڕێژەی (2.87%). گەرەگەکانی( چوارچرا – گوڵان و ڕاپەین ) لە پەپلەی یەکەم دووەم دێن لە رووی ژمارەی قوتابخانە بنەرەتییەکانی قوناغی (1-6) هەروەها گەرەگەکانی سەری بڵند و پیشەسازی هیچ قوتابخانەیەك بوونی نییە. قوتابخانەکانی ئەم قوناغە لەناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی نا یەکسان دابەشبوون بەسەر گەرەگەکانی شاردا، هەندێك لە گەرەك بەشێکی زۆر لە قوتابخانەیان تیادایە لەبەرامبەردا هەندێك گەرەگ بێ بەشن لە قوتابخانە، ئەمەش کاریگەری لەسەر توانستی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوەدا دەبێت .

6-1-1 :دابەشبوونی شوێنی قوتابخانەی بنەرەتی قۆناغی (7-9):

بەسەنجدان بەخشتەی (5) ،تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا ناوچەی توێژینەوەمان لەم قۆناغەی خوێندنەدا (10) هەیە. لەو ژمارەیەش (6) قوتابخانەیان تێکەڵاون (3) قوتابخانەش تایبەتن بە ڕەگەزی کوران ئەوانیش قوتابخانەکانی دیدەوان و بنەسلاوە و بەهێز هەرچی قوتابخانەی ڕازیشە تایبەتە بە کچان.

خشتەی (5): دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی قوتابي و مامۆستا و پۆڵ قوتابخانەی بنەڕەتی (7-9) لەسەر ئاستی گەرەگ لە ناوچەی توێژینەوە ساڵی (2021-2022)

| قوتابخانە (7-9) | گەرەگ | ژ.قوتابي | % | ژ. مامۆستا | % | ژ. پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوێنەی شار | ئاوێنەی شار | 958 | 13.94 | 66 | 13.36 | 9 | 7.82 |
| هیران ستی | هیران ستی2 | 810 | 11.79 | 56 | 11.33 | 18 | 15.65 |
| ئاڵتون ستی | ئاڵتون ستی | 704 | 10.25 | 46 | 9.31 | 11 | 9.56 |
| دێدەوان | گوڵان | 507 | 7.38 | 47 | 9.51 | 10 | 8.69 |
| بوێر | نەورۆز | 589 | 8.57 | 39 | 7.89 | 11 | 9.56 |
| وەرزین | ئاشتی | 490 | 7.13 | 47 | 9.51 | 8 | 6.95 |
| بنەسلاوە | ئاشتی | 738 | 10.74 | 50 | 10.12 | 13 | 11.30 |
| قانع | ئازادی | 567 | 8.25 | 37 | 7.48 | 12 | 10.43 |
| راز | قەلا نوێ | 841 | 12.24 | 60 | 12.14 | 10 | 8.69 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهێز | قەڵای نوێ | 664 | 9.66 | 46 | 9.31 | 13 | 11.30 |
| گشتی | 10 | 6868 | 100 | 494 | 100 | 115 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە

1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2022.

2 – سەردانی مەیدانی لە رێکەوتی 2022/2/14

قوتابخانەکانی ئەم قوناغە لەناوچەی توێژینەوە بەشێوەیەکی نا یەکسان دابەشبوون بەجۆرێك لە کۆی (13) گەرەگ (5) گەرەك بێ بەشن ئەوانیش گەرەکانی چوارچرا – ڕاپەرین- گەرەسوور- سەری بڵند و پیشەسازی.

سەبارەت بە بە ژمارەی قوتابی لە ناوچەی توێژینەوە لەم قوناغەدا (6868) قوتابین بەرزترین رێژەش قوتابخانەی ئاوێنە شار بە رێژەی (%13.94) و کەمترین رێژەش قوتابخانەی وەرزینە بە ڕێژەی (%7.13) کۆی ژمارەی مامۆستا (494) مامۆستایە قوتابخانەکانی ئاوێنەی شارو ڕاز لە پلەی یەکەم و دووەمدا دێن بە ریژەی (13.36 -%12.14) نزمترێن رێژەش هەریەکە لە قوتابخانەکانی قانع و بوێر دێن بە رێژەی (7.48 -%7.89) هەرچی تایبەتە بە ژمارەی پۆل ئەوە قوتابخانەی هیران ستی لە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (%15.65) هەرچی پلەی دووەمە بۆ قوتابخانەکانی بنەسڵاوە و بەهێزە کە بە ڕێژەی (%11.30).

7-1-1: ابەشبوونی شوێنی قوتابخانەی ئامادەیی (10-12) :

بەقۆناغێکی گرنگی فێرکردن دادەنرێت ڕۆلی بەرچاوی لە بەهێزکردنی توانای زانست هەیە، ئەم قۆناغە بەقۆناغی کۆتایی خوێندن و پەروەردەکردنی قوتابی دێت ، وە ئاراستەدەکرێت بۆ قۆناغێکی تری خوێندنی باڵا . خشتەی (6).

خشتەی (6): دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی قوتابي و مامۆستا و پۆڵ قوتابخانەی ئامادەیی لەسەر ئاستی گەرەگ لە ناوچەی توێژینەوە ساڵی (2021-2022)

| قوتابخانە ئامادەیی | گەرەگ | ژ.قوتابي | % | ژ. مامۆستا | % | ژ. پۆل | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەوار | ئاڵتون ستی | 257 | 8.40 | 27 | 10.34 | 8 | 11.11 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئارینکۆ | گوڵان | 395 | 12.92 | 54 | 20.68 | 10 | 13.88 |
| دەشتی هەولێر | نەورۆز | 584 | 19.10 | 50 | 19.15 | 12 | 16.66 |
| بنەسڵاوە | نەورۆز | 562 | 18.38 | 42 | 16.09 | 14 | 19.44 |
| بیسارانی | ئاشتی | 722 | 23.61 | 49 | 18.77 | 15 | 20.83 |
| محمود زامدار | چوارچرا | 537 | 17.56 | 39 | 14.94 | 13 | 18.05 |
| گشتی | 6 | 3057 | 100 | 261 | 100 | 72 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە

1 –حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزای دەشتی هەولێر، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2022.

2 – سەردانی مەیدانی لە رێکەوتی 2022/2/14.

لەخشتەی (6) دەردەکەوێت قوتابخانە ئامادەییەکان بەشیوەیەکی نارێك بەسەر گەرەگەکانی ناوچەی توێژینەوەدا دابەشبوونە، بەجۆرێك لە کۆی (13) گەرەك تەنیا لە (5) گەرەکە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ نارێکی لە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییەدا بەسەر گەرەگ و بەشە جیاوازەکانی شاردا. بەجۆرێك گەرەکی نەورۆز (2) قوتابخانە هەر یەکە لە گەرەکەکانی ئاڵتون ستی و گوڵان و ئاشتی و چوارچرا (1) قوتابخانە بەرکەوتووە، بەرزترین رێژەی قوتابی بۆ قوتابخانەی بیسارانیە بە رێژەی (23.61%) و نزمترین رێژەش قوتابخانەی هەوارە بە رێژەی (8.40%)سەبارەت بە مامۆستا لەناوچەی توێژینەوەمان (261) مامۆستایە هەر یەککە لە قوتابخانەی ئارینکۆ و دەشتی هەولێر لە پلەی یەکەم و دووەم دێن بە رێژەی (20.68 -19.15%) وە نزمترین رێژەش قوتابخانەی هەوارە (10.34%) هەرچی تایبەتیشە بە پۆلەکانی فێرکاری (72) پۆلن، قوتابخانەی بیساراني بە (15) پۆلی فێرکاری لە پلەی یەکەم و هەر یەکە لە قوتابخانەکانی بنەسڵاوە و محمود زامدار بە (13-14) پۆل لە پلەکانی دووەم و سێەمدا دێن. گەر زیاتر لە خشتەی پێشو تر ورد بینەوە، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کەوا لە کۆی (6) قوتابخانەیە (2) لەو قوتابخانانە لە ڕەگەزی کچن و (4) لە ڕەگەزی کورن.

8-1-1 دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی خزمتگوزارییە فێرکارییەکان بە پێی ڕەگەز:

هەروەکو لەبەشەکانی پێشوو بە تەنیا باس لە هەر یەکە لە ژمارەی قوتابی و مامۆستا و هۆلەکانی فێرکاریمان بۆ (باخچەی منداڵان- قوناغی بنەڕەتی 1-6- قۆناغی 7-9- ئامادەیی)مان کرد. لەم باسەدا هەوڵدەدەین باس لە ژمارە و ڕێژەی قوتابیان بە پێی ڕەگەزی نێرو مێ بکەین. خشتەی (7).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان (باخچە منداڵن و قوناغەکانی 1-6 و 7-9 و ئامادەیی) لە ناوچەی توێژینەوە (37) خزمەگوزارین، ژمارەی قوتابیان (23155) لەو ژمارەیەش (13232) قوتابی لە ڕەگەزی نێرن و (9923) قوتابی لە ڕەگەزی مێیەن و هەریەکەش بە پێی قوناغەکانی ڕێژەی جیاوازیان هەیە.

سەبارەت بە قۆناغەکانی (1-6) بەرزترین ژمارەی قوتابی لە خۆ گرتووە ڕەگەزی نێر (6810) کە ڕێژەی (51.46%)ی لە کۆی قوتابیانی ڕەگەزی نێرپێکدەهێنێت، هەوەرها رەگەزی مێ ژمارەی قوتابی (5766) کە ڕێژەی (58.10%)ی پێکدەهێنێت لەم خزمەتگوزارییە. هەرچی تایبەتە بە قوناغی (7-9) لە پلەی دووەم دێن بە ڕێژەی (30.11%) بۆ رەگەزی نێر و (29.05%) بۆ ڕەگەزی مێیە، لە پلەکانی سییەم و چوارەم قوناغەکانی ئامادەیی و باخچەی مندالان دێن (3057 -654) قوتابی.

گەر لە خشتەی پێشوو زیاتر ووربینەوە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین قوتاغی (1-6 – 7-9) بەرزترین ژمارەیان هەیە لە نێو گروپەکانی خزمەتگوزرارییە فێرکارییەکان، ئەگەر ژمارە و ڕێژەی ئەو دوو گروپە بەراوورد بکەین زیاتر لە (83%) قوتابیانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنن، ئەمەش بۆ زۆری ئەم گروپەی تەمەن دەگەڕێتەوە کەوا لە پرۆسەی خوێندندان.

خشتەی (7): دابەشبوونی ژمارەو ڕێژەی خزمتگوزارییە فێرکارییەکان بە پێی ڕەگەز ساڵ (2021-2022)

| قۆناغ | ژمارەی قوتابی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | % | مێ | % | کۆی نێرو مێ | % |
| باخچەی مندالان | 312 | 2.35 | 342 | 3.44 | 654 | 2.82 |
| بنەڕەتی(1-6) | 6810 | 51.46 | 5766 | 58.10 | 12576 | 54.31 |
| بنەڕەتی(7-9) | 3985 | 30.11 | 2883 | 29.05 | 6868 | 29.66 |
| ئامادەیی | 2125 | 16.05 | 932 | 9.39 | 3057 | 13.20 |
| کۆی گشتی | 13232 | 100 | 9923 | 100 | 23155 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە
1 – خشتەکانی (3-4-5-6)

**2-2 شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنجیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان.**

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە کە بەزۆری پیوەرەکانییەوە ناسراوە دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان و هەریەکێکش لەو پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندیەکی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە لەوانە (ناوەندی شوێنیی Mean center)، (ئاڕاستەی دابەشبوون Directional Distribution) (دووری پێوانەیی Standard Distance).( پشتێنەی کاریگەری- Buffer) تێکرایی نزیکترین هاوسێ : Average Nearest Neighbor کە دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و تایبەت مەندی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

**2-2-1ناوندي شويني**

ئەم تەکنیکە بەکاردێت بۆ دەستنیشانکردنی ناوەندی شوێنیی دیاردەکان، کە جوگرافیزانان لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان بەکاریدەهێنن. بە یەکێک لە سادەترین جۆرەکانی پێوانەکانی گردبوونەوەی دیاردەکان دادەنرێت، بەدەست نیشان کردنی جێکەوتی (X.Y) دیاردەکان. ئەم پێوەرە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت تێکرایی نزیکترین تایبەتمەندی بنوێنێت (شحاتە،2002،ص 191). لە نەخشەی (3) تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە ڕوون دەکەنەوە.

ناوەندی شوێنی قۆناغی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی کەوتوونەتە ناوەڕاستی شار کە بەسەنتەری بازرگانی وجوڵەی ئەم شارە دادەنرێت، هەروەها کۆنترین گەرەکەکانی لەخۆ گرتووە، ئەمە جگە لەوەی بەناوکی شاری دادەنرێت کەوا شارەکە گەشەی کردووە و فراوان بووە. هەروەها هەڵکەوتەی ناوەندی شوێنی باخچەی منداڵان بە دووری کەمتر (500) م لەناوەندی شوێنی دامەزراوەکانی دیکەدا و بە لای باشووری ڕۆژئاوایی گەرەکی ئازادی هەڵکەوتووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بە زیاتر گردبوونەوەی ئەم خزمەتکوزارییە لەم بەشەی شاردا.


گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (3) ناوەندی شوێنیی بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەنی ناوچەی توێژینەوە ساڵی (2022)




سەرچاوە کاری توێژەران:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر،بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە (2022)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئامار هەولێر، بەشی (Gis) نەخشەی بنەسڵاوە، 2022.

## 2-2-2ئاراستەی دابەشبوون

ئەم ئامرازە بەکاردێت دیاریکردنی ئاڕاستەی دابەشکردنی ڕەگەزی دیاردەکان بە کێشانی شێوەی هێلکەیی کە ئاڕاستەی دابەشکردنی زۆرینەی دیاردەکانە ، (محمود، 2012، ص 75) ئەم پێوەرە لە جوگرافیادا بە گرنگ دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەی دیاردەکان بەجۆرێك سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ئەنجام دانی کردارەکانی پلاندانان ئەم پێوەرە پێوەری لە دووری پێوانەیی دەچێت بەڵام لە هەژمارکردندا جیاوازە لەگەڵیدا بە دوو ئاراستەی جیاواز، یەکەمیان لەسەر تەوەری (X) و دووەمیان لەسەر تەوەری تەوەری (Y) لە ئەنجامدا شێوەیەکی هێلکەیی دەرئەچێت (سنكري،2008،ص57) بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە، پشت بەستراوە بە بە تەکنیکی (Directional Distribution)، لە چوارچێوەی ( Measuring Geographic

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Distribution ) لەژێر لیستی (Spatial Statistics Tools) دا هەیە خشتەی (8) نەخشەی (4) تایبەتن بە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان.

ئاراستەی بڵاوبوونەوەی هەر یەکە لە قۆناغەکانی (1-6) و (7-9) شێوەیی هێلکەیی وەرگرتووە، لە نێوان باشووری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژهەڵاتدایە لە ژێرکاریگەری چڕی دانیشتوان و هەروەها فراوان بوونی شار بەم ئاراستەیەدا ، بەجۆرێك هەر یەکە (50.55 – 70%)ی دەگرێتەخۆ نرخی سوڕانەوەشیان (72.55 -72.22) پلەیە باکوور. هەروەها هەریەکەش لە باخچەی منداڵان و ئامادەیی کە شێوەییەی هێلکەییان وەرگرتووە لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدایە درێژبوونەتەوە بەلادانێکی کەم بەرەو باکور نرخی سوڕانەوەش بۆ باخچەی منداڵان (85،86) پلە و بۆ ئامادەییەکان (99،37) پلە دایە. هەروەها هەر یەکە بە ڕێژەی (66،66%) بۆ باخچەی منداڵان و (50%) ناوچەی توێژینەوەیان دەورە داوە، هۆکاری ئەمەش زۆربەی خزمەتگوزارییانە کەوتونەتە گەرەکە کۆنەکانی شار. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سروشتی ئاڕاستەی دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە کەوا قۆناغی (1-6) و (7-9) بەشێوەیەکی فراوان دابەشبوونە بەسەر ناوچەی توێژینەوە بە بەراوورد بە باخچەی منداڵان و ئامادەیی بەشێوەیەکی گشتی ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بڵاوبوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراوان بوونی شارەکەیە و بلاوبوونەوەی دانیشتوانی وەرگرتووە.


نەخشەی (8) ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە ساڵی 2020

| دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان | نرخی تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی دامەزراوەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|---|
| | نرخی X (متر) | نرخی Y (متر) | پلەی سوڕانەوە | |
| باخچەی منداڵان | 1360.18 | 960.27 | 85.86 | 66.66 |
| قۆناغی(1-6) | 2123.77 | 827.85 | 72.55 | 55.55 |
| قۆناغی( 7-9) | .2391 | 929.45 | 72.22 | 70 |
| ئامادەیی | 1759.34 | 568.66 | 99.37 | 50 |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی ئاڕاستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (ArcGis.v.10.6)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی (4) ئاڕاستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە (2022)




سەرچاوە کاری توێژەران:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر،بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە (2022)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئامار هەولێر، بەشی (Gis) نەخشەی بنەسڵاوە، 2022.

## 3-2-2 دووری پێوانەیی

ئەم پێوە هاوشێوەی پێوەری لادانی پێوانەییە و یەکێکە لە دیارترین پێوانەکانی بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکان بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی بڵاوبوونەوەی دیاردەکە لە شوێنیکی دیاریکراودا. ئەم پێوەرە لەلایەن زۆرێک لە جوگرافیزانان بەکارهاتووە بۆ دیاریکردنی شێوازی بڵاوبوونەوەی دیاردە جوگرافییەکان و نواندنیان لەسەر نەخشەدا، بەمەبەستی وەسفکردنی بڵاوبوونەوەی خاڵەکان لەدەوری تێکڕای شوێنییدا، دەتوانرێت بەشێوەیەکی گرافیکی نیشان بدرێت بەکێشانی بازنێک بە ناوەندێکی مامناوەندی بۆشایی و ئەنجامەکە لە کۆتایدا شێوەیەکە کە 68.27٪) ی بەهاکان لە نێو تیشکی ڕەهەندی ستانداردا نیشان دەدات و ئەم ڕێژەیە لە سروشتی پەیوەندی نێوان تێکڕای حسابی و لادانی ستانداردی هاتووە، ئەگەر توخمی دیاردەکان 68.27٪ی توخمەکان بەشێوەیەك سروشتی دابەشبوون وە ئەگەر لەو ڕێژەیە کەمتر بوو ناسروشتییە.کە کاریگەرە بە فاکتەری ترەوە. (المجمعي،2022،ص116)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەئامانجی گەیشتن بە دیاریکردنی دووری پێوانەیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە، پشتمان بەستووە بە بە تەکنیکی (Standard Distance)). لە ژێر لیستی Measuring (Geographic Distributions)) و (Spatial Statistics Tools)، بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis

لەسەیرکردنی خشتەی (9) نەخشەی (5) تایبەتمەندییەکانی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی لە ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت بەگوێرەی پێوەری دووری پێوانەیی تێبینی دەکرێت: هەر یەکە لە باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی (1-6) و ئامادەییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەییەکەیان کە نزیکە لە ڕێژەی سروشتییەوە بەجۆرێك (66.66%)ی ڕەگەزەکانی کەوتوونەتە نێو بازنەیەکەوە کە نیوەتیرەکەی دووری پیوانەکەیان بۆ هەریەکەیان ( 1309.41-1611.79-1177.33)م ئەمەش بەسەر ڕووبەرێکی فراواندا بڵاوبوونەتەوە، هەروەها قوتابخانەی بنەڕەتی (7-9) ڕووبەرێکی بچووك پێکدەهێنێن، بەشێوەیەکی بڵاو دابەشبوون بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا، ڕێژەی سەدی (40%) ، کە نیوەتیرەکەی بریتییە لە دووری پێوانەکەیان دەگاتە (1813.97) م. شێوازی دابەشبوونی قوتابخانە بنەڕەتی (7-9) بە گوێرەی پێوەری دووری پێوانەیی شێوازیکی پەرش و بڵاوی وەرگرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەشە خێراییەی ئاوەدانییەی کە شارەکە بەخۆییەوە بینیەوە، هەروەها زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، ئەمە جگەلەوەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان هاوجووت نییە لەگەڵ فراوانبوونی شارەکە.


خشتەی (9) دووری پێوانەیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە ساڵی 2022

| دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان | دووری پێوانەیی (م) | ژ.قوتابخانەی دەکەونە ناو بازنەکە | ڕێژەی سەدی ژمارەی دامەزراوەکانی ناو دووری پێوانەیی |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 1177.33 | 2 | 66.66 |
| قۆناغی(1-6) | 1611.79 | 12 | 66.66 |
| قۆناغی (7-9) | 1813.97 | 4 | 40 |
| ئامادەیی | 1309.41 | 4 | 66.66 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی دووری پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامی ( Arc Gis.v.10.6)

نەخشەی (5) دووری پێوانەیی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە ساڵی 2022




سەرچاوە کاری توێژەران:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر،بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە (2022)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئامار هەولێر، بەشی (Gis)نەخشەی بنەسڵاوە، 2022.

## 4-2-2 پشتێنەی کاریگەری (Buffer)

ئەم تەکنیکە پشتی پێدەبەسترێت بۆ دەستنیشان کردنی رادەی کاریگەری هەر توخمێك بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، ئەمەش بە یەکیەکی پێوانەیی وەك (میل- کیلۆمەتر-مەتر) پێوانە دەکرێت، هەروها ئەم تەکنیکە پشتی پێدەبەسترێت بۆ دەست نیشان کردنی ئەو ناوچانەی کە دەکەونە دەرەوەی پشتێنەی کاریگەری ڕەگەزی دیاردەکە. توێژینەوەکە پشتی بە دووری بەستووە کە لەلایەن پلاندارێژەرانی عێراقەوە دیاریکراوە و بەهۆی جیاوازی دوری لەنێوان چەند سەرچاوەیەکی پلاندانانداندا ڕێژەی دووریی بۆ هەر خزمەتێکمان هەڵبژارد کە زیاتر لەگەڵ واقیعی ناوچەی خوێندندا بگونجێت بۆ قۆناغەکانی (300م، 400م، 600م، 800م) بۆ هەریەکە لە قۆناغەکانی باخچەی منداڵان وقۆناغەکانی بنەڕەتی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی. (وزارة الإعمار والإسكان، 2010، ص15). (ال مدرس،2019،ص165). بە مەبەستی شیکردنەوەی پشتێنەی کاریگەر لە خشتەی (10) و نەخشەی (6) ڕوون کراوەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری باخچەی منداڵان (13.87) هکتار تەنها (1.02%) ڕووبەری شاریان داپۆشراوە بە خزمەتگوزارییە باچجەی منداڵان بەو واتایەی (98.98%)ی ڕووبەری شار بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە. هەریەکە لە گەرەکانی ( سەری بڵند و قەڵای نوێ و ناوچەی پیشەسازی گوڵان و ڕاپەرین و ئازادی و چوارچرا ئاوێنەی شار بە تەواوی بێبەشن لە خزمەتگوزاری باخچەی منداڵان. ئەمە جگە لەوەی گەرەگەکانی (گەرەسوور هیران ستی 2 و ئاڵتون ستی و ئاشتی و نەورۆز)، بەشێوەیەکی ناتەواو بە ڕێژەی جیا جیا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پشتێنەی باخچەی منداڵان. هەرچی تایبەتە بە قۆناغەکانی بنەڕەتی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی بەیەکداچوونێکی بەهێز هەیە لەنێوان پشتێنەی خزمەتگوزاریەکانیان لە گەشت ئەو بەشانەی شاردا، جگە لە بەشێکی کەم نەبێت. ئەم بەیەکداچوونەش دەکەوێتە ناوەڕاستی شار بە هەردوو ئاڕاستەی باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نزیکی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە یەکتری، بەجۆرێك بەشێك لە گەرەکەکان هەن دەکەونە چوارچێوەی پشتێنەی خزمەتگوزارییە، لەبەرامبەردا بەشێك لەو گەرەکانە دوورن لە چەقی شار و کەوتوونەتە بەشەکانی ڕووی دەرەوەی بێبەشن لەم خزمەتگوزاریانە یاخود کەم کوڕیان تێدایە، هۆکارەکەشی بریتییە لە پەیرەونەکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی بەکارهاتوو لەکاتی بونیاتنانیاندا، لەلایەك ولە لایەکی تر خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان هاوجووت نییە لەگەڵ ئەو فراوانبوونە خێرایەی شاردا . ڕووبەری پشتێنەی کاریگەری بۆ هەریەکە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی (497-558-632) هکتار، هەریەکەیان یەك لەدوای یەك (36.89-41.42-46.91%) ڕووبەری شاریان داپۆشییەوە، لەبەرامبەردا (63.11-58.58- 53.09%) بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە. گەرەکەکانی(سەری بڵند و قەڵای نوێ و ناوچەی پیشەسازی)، نزمەترین توانیستیان تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی پشتێنەی خزمەتگوزاری هیچ قوتابخانەی ئامادەیان ئەم شارەیان پێنەگەیشتووە. هەروەها گشت گەرەکانی دیکە بەشێوەیەکی ناتەواو بە ڕێژەی جیا جیا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پشتێنەی قوتابخانەکانی بنەڕەتی (1-6) (7-9).

بۆیە لەئەنجامی ئەوانەی پێشەوە دەگەینەوە ئەو دەرئەنجانەی کەوا دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی نارێك دابەشبوونە بەسەر ناوچەی توێژینەوە و هەروەها پەیرەونەکردنی پێوەرەکانی بەکارهاتوو لەکاتی دروستکردنیان و ئەمە جگەلەوەی کەمی ژمارەی خزمەتگوزارییەکان


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (10) نرخەکانی پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە ساڵی 2022

| خزمەتگوزارییەکان | رووبەری پشتێنەیکاریگەری (هکتار) | ڕێژەی بەگوێرەی ڕووبەری شار % | ڕێژەی کەم و کوری |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 13.87 | 1.02 | 98.98 |
| قۆناغی(1-6) | 497 | 36.89 | 63.11 |
| قۆناغی (7-9) | 558 | 41.42 | 58.58 |
| ئامادەیی | 632 | 46.91 | 53.09 |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پشتێنەی کاریگەری (Buffer)لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc Gis.v.10.6)

نەخشەی (6) پشتێنەی کاریگەری خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوە ساڵی 2022




سەرچاوە کاری توێژەران:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر،بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە (2022)

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئامار هەولێر، بەشی (Gis)نەخشەی بنەسڵاوە، 2022.

## 5-2-2 پەیوەندی هاوسیەتی:

شیکردنەوەی پێوەری نزیکترین دراوسێ لەگرنگترین شێوازی چەندێتییە لە ئاشکراکردنی سروشتی دابەشکردنی بۆشایی دیاردەکانی جوگرافیدا و ئەم گرنگیەش لەبەر ئەوە دێت کە لەسەر بنەمایەکی ماتماتیکی دانراوە بۆ پێوانەکردنی پەرتەوازەیی دیاردەکان لەدەوری یەکتردا یان بە واتایەکی تر بۆ پێوانەکردنی پەیوەندی هەر دیاردەیەک لەگەڵ دیاردەکانی تر لە دابەشکردنی بۆشاییدا، بەم شێوەیە ئامادەکردنی ئامارێکی ورد بۆ ئاشکراکردنی شێوازی دابەشکردنی بۆشاییی دیاردەکە کە ئایا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دابەشکردنەکە مۆدێلێکی ڕێک و پێک پێکدێنێت یان هەڕەمەکی، ئەگەر دابەشکردنەکە مۆدێلێکی ڕێک و پێک بوونی هێز و فاکتەرەکانی پشت ئەم قاڵبە توێژەرە بەدوای دۆزینەوەیان و ڕاوەستانی ئەوێدا دەگەڕێت بەڵام ئەگەر شێوازێکی هەڕەمەکی بێت ئەوە نیشانەی فاکتەری هەلە کە شیکردنەوەی زەحمەتە. (رواندوزي،2011،ص32)

نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (0) بۆ (2.149)ە. بەجۆرێك نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(0.1 – 0.5) لەیەك نزیکی نارێك، و(0.6 – 0.9) لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی دەنوێنێ. وە (1.1 – 1.9) شێوازێکی لە یەك دوور، هەروەها (2.0 – 2.149) شێوازێکی ڕێك و پێك دەنوێنێ (السماك و العزاوي ،2011،ص 213). خشتەی (11) و شێوەی (1)

سەبارەت بە قۆناغەکانی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی تێبینی دەکرێت کە نرخی پلەی پێوەری ( Z_ score) بۆ هەریەکەیان گەیشتۆتە (0.31- 0.65- 2.35) ئەم نرخەشە دەکەوێتە چوارچێوەی پشتێنەی ناچاری(Critical Value)(- 2.58 + 258) واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند کراوەوە، لەبەر ئەوەی گریمانەی جێگرەوە ڕەتدەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دبەشبوونی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی قۆناغەکانی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراون لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورن لە شێوازی هەرەمەکی، بۆیە گریمانەی بنەڕەتی (گریمانەی نەبوون) قبولدەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکانی قۆناغەکانی (1-6) و (7-9) و ئامادەیی ناوچەی توێژینەوە شێوازێکی هەرەمەکییە و دەرئەنجامی ڕێکەوت بووە، نرخی شیکردنەوەی پەوەندی هاوسێیەتی بۆ هەر یەکەیان بریتییە لە (1.03- 1.10- 1.50) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شێوازی دابەشبوونەکەیان، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گردبوونەوەی زۆرترین ژمارەی قوتابخانە و دانیشتوان لەناوەڕاستی شارەکە لە لایەك ئەو فراوانوونە خێرایەی بەخۆیەوە بینیەوە بەجۆرێکە هاوجووت نییە لەگەڵ گەشەو بەرەوپێشچوونی خزمەتگوزاریەکاند لەلایەکی تردا.

سەبارەت بە شێوازی خزمەتگوزاری باخچەی منداڵان تێبینی دەکرێت نرخی پلەی پێوەری (Z_ score) گەیشتۆتە (3.4) ئەمەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری ( -) Value (Critical 2.58 +258) کەوتۆتەناوچەی پەسەند نەکراو، لەبەر ئەوەی گریمانەی بنەڕەتی (گریمانەی نەبوون) ڕەفز دەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی باخچەی منداڵان بەگشتی شێوازێکی هەرەمەکیە و دەرئەنجامی ڕیکەوت بووە، بۆیە گریمانەی جێگروە قبوڵ دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی باخچەی تایبەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


و ڕێکجراوە لە ژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراودا ئاستی باوەڕپێکراو (Signification level) بۆ ڕەفزکردنی گریمانە دەگاتە (0.01) بەو واتایەی ئەگەری هەڵە لە (%1) هەیە، لە ڕەفزکردنی گریمانەی مەبدەئی و قبولکردنی گریمانەی جێگرەوە کەواتە (%99) توانای ئەگەری ئەوە هەیە کە دابەشبوونەکە دەرئەنجامی هۆکارە دیاریکراوەکان بێت نەك ڕێکەوت، نرخی پەیوەندی هاوسێیەتی گەیشتۆتە (3.4) هۆکاری نارێکی ئەم دابەشبوونە دەگەرێتەوە بۆ بەرزی چری دانیشتوان و پەیرەونەکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی بەکارهاتوو.

خشتەی (11)دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە 2022.

| خزمەتگوزارییەکان | بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | ئاستی باوەڕ پێکراو Signification level | بار |
|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 3.4 | 8.05 | 0.01 | پەسەند نەکراو |
| قۆناغی(1-6) | 1.03 | 0.31 | Random | پەسەند کراو |
| قۆناغی (7-9) | 1.10 | 0.65 | Random | پەسەند کراو |
| ئامادەیی | 1.50 | 2.35 | Random | پەسەند کراو |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (**ArcGis.v.10.6**).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




شێوەی (1)دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە 2022.

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (**ArcGis.v.10.6**).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- 3هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریە فێارییەکان لەناوچەی توێژینەوە:

1-3-3 پێوەری قوتابخانە و پۆل و مامۆستا:

کۆمەڵێك پێوەرهەن پشتیان پێدەبەسترێت بۆهەڵسەنگاندنی توانستە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان. ئەم پێوەرانەش بە گوێرەی قۆناغەکانی خوێندن جیاواز ئێمەش بۆ زانینی توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری پشت بە هەندێك نیشاندەر دەبەستیتن کە زیاتر کاریان بەم شێوەی خوارەوە

خشتەی (12) :هەڵسەنگاندنی توانستە وەزیفیەکانی قوتابخانەکانی ناوچەی توێینەوە و نیشاندەرە فێرکارییەکان ساڵی (2021-2022)

| قوناغەکانی خویندن | قوتابخانەکان | قوتابی قوتابخانە | گونجانی لەگەڵ پیوە ر(*) | قوتابی هول | گونجانی لەگەڵ پیوە ر | قوتابی ماموستا | گونجانی لەگەڵ پیوە ر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچە ساوایان | راڤە | 102 | ↓ | 5 | = | 14 | ↓ |
| | بنەسلاوە | 347 | ↑ | 7 | ↑ | 12 | ↑ |
| | گولدان | 205 | ↑ | 6 | ↑ | 7 | ↑ |
| تیکرای شار | | | | | | | |
| قوناغی (1-6) | زەوەند | 128 | ↓ | 6 | ↓ | 18 | ↓ |
| | سانان | 1132 | ↑ | 15 | ↑ | 75 | ↓ |
| | ڕۆندک | 109 | ↓ | 9 | ↓ | 16 | ↓ |
| | گەرمیان | 947 | ↑ | 14 | ↑ | 64 | ↓ |
| | لانە | 1027 | ↑ | 13 | ↑ | 83 | ↓ |
| | شهید اسکندر | 1157 | ↑ | 17 | ↑ | 74 | ↓ |
| | ئەلوەند | 1075 | ↑ | 16 | ↑ | 69 | ↓ |
| | بنەسلاوە | 345 | ↓ | 8 | ↑ | 11 | ↑ |
| | شەهیدانی یەکی شوباتی | 672 | = | 10 | ↑ | 42 | ↓ |
| | ئاکام | 576 | = | 12 | ↑ | 58 | ↓ |
| | تابلۆ | 626 | = | 12 | ↑ | 43 | ↓ |
| | ساقە | 972 | ↑ | 10 | ↑ | 52 | ↓ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پەری | 589 | = | 9 | ↑ | 34 | ↓ |
| | هەردی | 562 | = | 9 | ↑ | 79 | ↓ |
| | دەقەر | 654 | = | 11 | ↑ | 57 | ↓ |
| | قەڵای نوێ | 614 | = | 15 | ↑ | 42 | ↓ |
| | شوان | 1268 | ↑ | 17 | ↑ | 79 | ↓ |
| | گەرەسوور | 123 | ↓ | 6 | ↓ | 15 | ↓ |
| | | | | | | | |
| قوناغی (7-9) | ئاوێنەی شار | 958 | ↑ | 9 | ↑ | 66 | ↓ |
| | هیران ستی | 810 | ↑ | 18 | ↑ | 56 | ↓ |
| | ئاڵتون ستی | 704 | ↑ | 11 | ↑ | 46 | ↓ |
| | دێدەوان | 507 | ↑ | 10 | ↑ | 47 | ↓ |
| | بوێر | 589 | ↑ | 11 | ↑ | 39 | ↓ |
| | وەرزین | 490 | ↑ | 8 | ↑ | 47 | ↓ |
| | بنەسلاوە | 738 | ↑ | 13 | ↑ | 50 | ↓ |
| | قانع | 567 | ↑ | 12 | ↑ | 37 | ↓ |
| | زار | 841 | ↑ | 10 | ↑ | 60 | ↓ |
| | بەهێز | 664 | ↑ | 13 | ↑ | 46 | ↓ |
| | | | | | | | |
| ئامادەیی ١٠-١٢ | هەوار | 257 | ↓ | 8 | ↑ | 27 | ↓ |
| | ئارینکۆ | 395 | ↓ | 10 | ↑ | 54 | ↓ |
| | دەشتی هەولێر | 584 | ↑ | 12 | ↑ | 50 | ↓ |
| | بنەسلاوە | 562 | ↑ | 14 | ↑ | 42 | ↓ |
| | بیسارانی | 722 | ↑ | 15 | ↑ | 49 | ↓ |
| | محمود زامدار | 537 | ↑ | 13 | ↑ | 39 | ↓ |

سەرچاوە / کاری توێژەران بە پشت بەستن بە : خشتەکانی خشتەکانی (6،4،3).
پاشکۆی ژمارە (1)
↑ سەرووی پیوەر بەدیوی نەرێنیدا = / یەکسانە بە پیوەر ↓ / خوار پیوەر بەدیوی ئەرێنیدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-قوناغی باخچەی منداڵان:

ژمارەی باخچەی منداڵان لەناوچەی توێژینەوە (3) باخچەی منداڵان کۆی ژمارەی قوتابیان (654) قوتابین. (2) باخچە سەرووی پێوەرن و بە ڕێژەی (66.66%) ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنیدا، هەروەها (1) بە ڕێژەی (33.33%) لەخوار پێوەرە . بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێن لەرووی ژمارەی قوتابی باش نییە، کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر پێشکەشکردنی توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری. لەڕووی ژمارەی پۆڵ بەرامبەر قوتابی تەنها باخچەی راقە هاوتایە لەگەڵ پێوەر بە ڕێژەی (33.33%) هەردوو باخچەی بنەسلاوە و گولدان لە خوار پێوەرن بە ڕێژەی (66.66%). ژمارەی مامۆستایان (33) مامۆستان، بە ڕێژەی (66.66%) لە خوار پێوەرن بە لایەنی نەرێنیدا، بێگۆمان ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر توانای فێربوونی قوتابی.

2- قوناغی بنەڕەتی (1-6):

ژمارەی قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی (1-6) (18) قوتابخانەن، لەو ژمارەیە ژماری قوتابی بەرامبەر بە قوتابخانە (4) قوتابخانە لە خوار پێوەرن بە دیوی ئەرێنیدا، بە ڕێژەی (22.2%) ، هەروەها (7) قوتابخانەیان هاوتایە لەگەڵ پێوەر، ئەمە جگە لەوەی (7) قوتابخانە  سەرووی پێوەرن بە لایەنی نەرێنیدا بە رێژەی (38.38%). ژمارەی قوتابی بەرامبەر پۆل (83.33%) لەسەرووی پێوەر بە لایەنی نەرێنیدا هەروەها بە ڕێژەی (16.66%) لەخوارپێوەرن بە لایەنی ئەرێنیدا . هۆکاری ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی قوتابی و کەمی هۆلەکانی فێرکاری لە لایەك و خێرا فراوان بوونی شارەکەلە لایەك و هەروەها بەشێك لەو قوتابخانانە خاوەن بینانەی تایبەت بەخۆیان نین، لە لایەکی تر دەگەڕێتەوە. بەسەنج دان بە خشتەی پێشوو تێبینی ئەوە بکەین کەوا قوتابخانەی شوان (1268) قوتابی هەیە لەبەرامبەر (17) هۆلی فێرکاری هەیە. بێگۆمان ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی خزمەتگواری فێرکاری لەناوچەی توێژینەوە دەبێت . هەرچی تایبەتە بە قوتابی بەرامبەر مامۆستا بەگوێرەی پێوەر لە بارودۆخێکی باش دان توانیوەتی باشترین ئاست وەربگرن بەجۆرێگ (17) قوتابخانە بەگوێرەی پێوەر خوار پێوەرن بەدیوی ئەرینیدا بە رێژەی (94.44%) لەبەرامبەردا (1) قوتابخانە لە سەرووی پێوەر بە ڕێژەی (5.55%). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا ناوچەی توێژینەوە لەڕووی ژمارە مامۆستا  بەگشتی زۆرباشە بەڵکۆ دەکرێت بەهەند وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کەم و کورپیەکانی دیکەی ئەم خزمەتگوزارییە.

3- قوناغی بنەڕەتی (7-9):

بەسەرنج دان بە خشتە (12) تێبینی ئەوە بکەین: قوتابخانە بنەڕەتییەکانی ناوچەی توێژینەوە (10) قوتابخانە بەجۆرێك بە گوێرەی پێوەر ژمارەی قوتابی بۆ قوتابخانەو و قوتابی بەرامبەر هۆلەکانی فێرکاری لە سەرووی پێوەرن بە ڕێژەی لە (100%) هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کەمی بینایە و زۆری ژمارەی قوتابیان کەمی هۆلەکانی فێرکاری. بەجۆرێك قوتابخانەی هیران سیتی (810) قوتابی هەیە لە بەرامبەردا (18) هۆلی فێرکاری هەیە. ژمارەی قوتابی بەرامبەر مامۆستا لە ئاستێکی باشدایە لەخوار پێوەرە بە دیوی ئەرێنیدا ئەمەش کاریگەری باشی لەسەر توانستی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەبێت.

4- قۆناغ ئامادەیی:

بەسەرنجدان بە خشتەی پێشوو بۆمان دەردەکەوێت کەوا بەگوێرەی پێوەر (2) قوتابخانە بە ڕێژەی (33.33%) لەخوار پێوەرن بە دیوی ئەرێنیدا لەبەرامبەردا (4) قوتابخانە بە رێژەی (66.66%) لە سەرووی پێوەرن بە دیوی نەرێنیدا، هەروەها ژمارەی پۆلیشدا لە سەرووی پێوەرن بەگوێرەی پێوەری عێراقی ئەمەش بۆ زۆری قوتابی و کەمی هۆڵەکانی فێرکردن دەگەرێتەوە ئەمە جگە لەوەی بەشێك لە قوتابخانەکان تایبەت بە بینانەی بەخۆیان نین. ئەمەش کاریگەری لەسەر پرۆسەی فێرکردن دەبێت. ئەوەی تایبەتە بە ژمارەی قوتابی بەرامبەر مامۆستا لە خوار پێوەر بە ڕێژەی (100%) بەدیوی ئەرینیدا کە ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری دەبێت.

2-3-3- پێوەری ڕووبەر:

پێوەری رووبەر بە پێوەر گرنگ دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانستە خزمەتگوزارییە فێرکاریەکان، هەروەها لە ڕیگەی ئەم پێوەرە بەراوردێك لە کۆی ڕووبەری قوتابخانە (باخچەو تاقیگەو یاریگاو کۆگا و هۆلەکانی خوێندن و شوێنی چالاکییەکانی تر) لەگەڵ نیشاندەرەکانی عێراق و پشکی قوتابی لە کۆی ڕووبەری گشتی هەر قوتابخانەیەک باس بکەین: خشتەی (13)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵسەنگاندنی توانستە وەزیفیەکانی قوتابخانەکانی ناوچەی توێژینەوە و نیشاندەرەکانی ڕووبەر ساڵی (2022-2021)

| قوناغەکانی خویندن | قوتابخانەکان | ژ قوتابی قوتابخانە | ڕووبەر گشتی بە (م2) | گونجانی لەگەڵ پیوە ر(*) | بەرکەتەی قوتابی بە (م2) | گونجانی لەگەڵ پیوە ر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچە ساوایان | ڕاڤە | 102 | **2500** | ↓ | **24.5** | ↓ |
| | بنەسلاوە | 347 | 2620 | ↓ | 7.5 | ↓ |
| | گولدان | 205 | 2100 | ↓ | 10.2 | ↓ |
| | | | | | | |
| سە رە تای١-٦ | زەوەند | 128 | **3200** | ↓ | **25** | ↑ |
| | سانان | 1132 | **9000** | ↑ | **7.9** | ↓ |
| | ڕۆندک | 109 | **5120** | = | **46.9** | ↑ |
| | گەرمیان | 947 | **6700** | ↑ | **7** | ↓ |
| | لانە | 1027 | **4670** | ↓ | **4.6** | ↓ |
| | شهید اسکندر | 1157 | 9500 | ↑ | 8.5 | ↓ |
| | ئەلوەند | 1075 | 10000 | ↑ | 9.3 | ↓ |
| | بنەسڵاوە | 345 | **3200** | ↓ | **9.2** | ↓ |
| | شەهیدانی یەکی شوباتی | 672 | 10000 | ↑ | **14.8** | = |
| | ئاکام | 576 | 3400 | ↓ | 5.9 | ↓ |
| | تابلۆ | 626 | 8350 | ↑ | 13.3 | = |
| | ساڤە | 972 | 4750 | ↓ | **4.8** | ↓ |
| | پەری | 589 | 8000 | ↑ | **13.5** | = |
| | هەردی | 562 | 8070 | ↑ | 14.3 | = |
| | دەڤەر | 654 | 8070 | ↑ | 12.3 | ↓ |
| | قەڵای نوێ | 614 | 4890 | ↓ | **7.9** | ↓ |
| | شوان | 1268 | 9000 | ↑ | **7** | ↓ |
| | گەرەسوور | 123 | **9000** | ↑ | 73.1 | ↑ |

# گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی ٩-٧ | ئاوێنەی شار | 958 | **6500** | ↓ | **6.7** | ↓ |
| | هیران ستی | 810 | 5220 | ↓ | **6.4** | ↓ |
| | ئاڵتون ستی | 704 | 5700 | ↓ | 8 | ↓ |
| | دێدەوان | 507 | 6440 | ↓ | 12.7 | ↓ |
| | بوێر | 589 | 6672 | ↓ | 11.3 | ↓ |
| | وەرزین | 490 | 4770 | ↓ | 9.7 | ↓ |
| | بنەسلاوە | 738 | 4250 | ↓ | 5.7 | ↓ |
| | قانع | 567 | **3200** | ↓ | 5.6 | ↓ |
| | راز | 841 | 8540 | = | 10.5 | ↓ |
| | بەهێز | 664 | 8540 | = | 12.8 | ↓ |
| تیکرای شار | | | | | | |
| ئامادەیی ١٢-١٠ | هەوار | 257 | **3200** | ↓ | **12.4** | ↓ |
| | ئارینکۆ | 395 | 6000 | ↓ | **15.1** | ↓ |
| | دەشتی هەولێر | 584 | 6672 | ↓ | **11.4** | ↓ |
| | بنەسڵاوە | 562 | 6672 | ↓ | 11.8 | ↓ |
| | بیسارانی | 722 | **5300** | ↓ | 7.3 | ↓ |
| | محمود زامدار | 537 | 4770 | ↓ | 8.8 | ↓ |
| | | | | | | |

سەرچاوە / کاری توێژەران بە پشت بەستن بە : خشتەکانی خشتەکانی (6،4،3).
پاشکۆی ژمارە (1)

↑ تێپەراندنی پێوەرەکان بەدیوی نەرێنیدا = / یە کسانە بە پیوەر ↓ / کەمتر لە ستاندارد بە دیوی ئەرێنیدا

باردۆخی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە ناوچەی توێژینەوە لە خشتەی (13) دەردەکەوێت باخچەی منداڵان و قوتابخانە ئامادەییەکان لە ڕووی رووبەر و بەرکەوتەی قوتابی لە خوار پێوەرن بە لایەنی نەێنیدا بە ڕێژەی (100%)، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنیەوپێویستی بە چارەسەرێکی خێرایە، ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی قوتابیان لە لایەك و کەمی ژمارەی قوتابخانەکان کە بەشی دانیشتوان ناکات لەلایەکی تر دەگەرێتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی تایبەتە بە قوتابخانەکانی (1-6) ژمارەیان (18) قوتابخانەن لە ڕووی رووبەری قوتابخانە (11) قوتابخانەیان لەگەڵ پێوەر گونجاون بە لایەنی ئەرێنیدا کە دەگاتە (61.11%)، لە (33.33%) ناگونجێن لەگەڵ ڕووبەر تەنها قوتابخانەی (ڕۆندك)هاوتایە لەگەڵ پێوەر بەرێژەی (5.55%) لە کۆی قوتابخانەکان پێکدەهێنێت. .ئەوەی تایبەتە بۆ بەرکەوتەی قوتابی بۆ ڕووبەر لە (61.11%) لەخوار پێوەرن بەلایەنی نەرێنیدا و لەبەرامبەردا چوار قوتابخانە هاوتایە لەگەڵ پێوەر بە رێژەی (22.22%) و هەروەها لە (16.16%) بەگوێرەی ستانداردن ئەماژەی ئەرێنیدا.

هەر لەخشتەی پێشوو بۆ قوتابخانەکانی قۆناغی (7-9) دەردەکەوێت، کەوا ناوچەی توێژینەوەمان لەباردۆخێکی باش دا نییە لە رووی رووبەری قوتابخانەوە و بەرکەوتەی قوتابی بۆ ڕووبەر بە جۆرێك (8) قوتابخانە لە خوار پێوەرن بە لایەنی ئەرێنیدا و لەبەرامبەردا هەروو قوتابخانەی (ڕاز و بەهێز) هاوتایە لەگەڵ پێوەر بە رێژەی (20%)، لە کۆی ڕووبەری ناوچەی پێکدەهێتێت. بەرکەوتووی قوتابی بەرامبەر قوتابی بە ڕێژەی (100%) لەخوار پێوەرن بەلایەنی

نەرێنیدا، بەهەمان شێوە هۆکاری ئەمەش بۆ کەمی قوتابخانەو زۆری قوتابیان دەگەرێتەوە. بەگشتی ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی ڕووبەردا لەئاستێکی باشدا نییە ئەمەش کارێگەر و ڕەنگدانەوەی لەسەر توانستی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکاندا هەیە هەروەها کەمی ڕووبەری قوتابخانەکان و زۆری ژمارەی قوتابی وا دەکات کار لەسەر تواناو دەروونی بەشێك لە قوتابیان دروست بکات کە نەتوانن بەشێوەیەك لە شێوەکان سوود لە وانەکان وەر بگرن.

3-3-3پێوەری دانیشتون:

ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەساڵی (2022)دا (66183) کەس بووە، بەسەر سەرجەمی گەڕەکەکانی شارەکەدا دابەشکراوەوە. هەر چەندە ژمارەی دانیشتوان زیا بێت و ژمارەی قوتابخانەکان زیاد دەکات بە پێچەوانەوەش ڕاستە، بۆ بنبادنانی هەر قۆناغێکی خوێندن ژمارەیەکی دیاریکراوی دانیشتوان دیاریکراوە بەگوێرەی پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان . لەم توێژینەوماندا لەسەرپێوەری عێراقی دەڕۆین. خشتەی (14).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (14): وانستی وەزیفی فیرکاری بەپێی پیوەرەکانی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە سالی(2021-20222)

| قۆناغەکانی خوێندن | ژ. قوتابخانە | ژ. دانیشتوا | ژمارەی دانیشتوان بەگوێرە پێوە | پێویستی هەنوکەیی قوتابخانە | کەمی (النقص)-قوتابخانە |
|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | 3 | 66183 | 5000 | 13 | 10 |
| قوناغی (1-6) | 18 | | 2500 | 26 | 8 |
| قۆناغی (7-9) | 10 | | 5000 | 13 | 3 |
| ئامادەیی _10-12) | 6 | | 10000 | 6 | 0 |
| کۆی گشتی | 37 | - | - | 58 | 21 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بە:
1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی بنەسڵاوە، داتای دانیشتوان، داتای بڵاونەکراو (2022).
2- پاشکۆی (1)

لە ئاستی باخچەی منداڵاندا، پێویستی ڕاستەقینەی شارەکە تەنها (13) باخچەی ساوایان بوو،ناوچەی توێژینەوەمان (3) باخچەی منداڵانیان هەیە، بەجۆرێك پێویستیان بە (10) باچچەی منداڵانی تر هەیە بە پێی پێوەری عێراقی. لەدوای باخچەی منداڵان قوناغی بنەرەتی (1-6) دێت لە ڕووی کەمی قوتابخانە کە (8) قوتابخانەیە پێویستی هەنووکەیی (26) قوتابخانە. هەرچی قوناغی (7-9) پێویستی بە (3) قوتابخانە هەیە بەگوێرەی پێوەرەی ناوبراو. شایستەترین قۆناغ، قۆناغی ئامادەییە کە بەشی تەواوی شارەکە دەکات بەگوێرەی پێوەر. هەرچەندە بەشێوەیەکی نارێك بەسەر گەرەکەکانی شاردا دابەشبوون.

بەسەنج دان بە پێوەری دانیشتوان بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەناوچەی توێژینەوەمان تێبینی ئەوە دەکرێت نارێکی زۆر پێوە دیارە هۆکاری ئەم نارێکییە، دەگەرێتەوە بۆ جێ بەجێ نەکردنی پێوەرەکانی بەکارهاتوو لە لایەك زۆری ژمارەی دانیشتوان کەمی قوتابخانە لەلایەکی تر دەگەرێتەوە.
ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر توانستی خزمەتگوزری فێرکاری دروست دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجام

1-لەسەر ئاستی گەرەگدا جیاوزای گەورە بەدی دەکرێت، لە ڕووی ژمارە و ڕووبەری دامەزراوە خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، بەجۆرێك هەندێك گەرەگەکان بێبەشن لەم خزمەتگوزاریانە و هەندێکی دیکە ژمارەیەکی کەم و بەشێکێشیان ژمارەیەکی زۆری لەخۆ گرتووە، کە ئەمەش لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتواندا ناگونجێت.

2-زۆربەی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکانی شارەکە ناگونجێن لە گەڵ پێوەرەکانی پلاندانی وەزیفی چەندیەتی وجۆرییەتی پشت پێبەستراو، ئەمەش بەهۆی ڕەچاو نەکردنی پێوەرەکانی پلاندان لە کاتی دروست کردنیاندا.

3-ناوەندی شوێنیەکانی قوناغەکانی (1-6 – 7-9) و ئامادەیی جگە لە باخچەی منداڵان کەوتوونە ناوەندی شار کە بەسەنتەری بازرگانی و جوڵەی ئەم شارە دادەنرێت، هەروەها بەگوێرەی دەرئەنجامەکانی دووری پێوانەیی دەرکەوتوو کە باخچەی منداڵان و قۆناغی و(1-6) و ئامادەیی زۆرترین هاوسەنگیان هەیە لە سروشتی دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکەیاندا. ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەی هەر یەکە لە قۆناغەکانی (1-6) و (7-9) شێوەیی هێلکەیی وەرگرتووە، لە نێوان باشووری ڕۆژئاوا و باکووری رۆژهەڵاتدایە و هەرچی باخچەی منداڵان و ئامادەییە ئاراستەی دابەشبوونیان لەنێ,ان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا بە لادانێکی کەم بەرەو باکور. لە جێبەجێکردنی تەکنیکی پشتێنەی کاریگەری بەسەر دامەزراوە فێرکارییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەردەکەوێت کە ڕووبەرێکی فراوانی ناوچەی توێژینەوە بێبەشە لەم خزمەتگوزاریانە بەجۆرێك هەریەکە لە باخچەی منداڵان و قناغەکانی (1-6 – 7-9) و ئامادەیی بە ڕێژەی (98.98%-63.11%- 58.58%- 53.09%) دەرئەنجامی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتی دەردەکەوێت کەوا قۆناغەکانی (1-6 – 7-9) و ئامادەیی شێوازێکی هەرەمەکی دەرئەنجامی ڕێکەوت بووە.

4-بەرکەوتەی قوتابی بەرامبەر مامۆستا لە ئاستێکی باشدایە بەجۆرێك باخچەی منداڵان  بە ڕێژەی (66.66%) لە خوار پێوەرن بە لایەنی نەرێنیدا، هەروەها (33.33%) لە سەرووی پێوەرن بە دیوی ئەرێنیدا، هەرچی قۆناغی (1-6) لە بارودۆخێکی باش دان کەوا لە زیاتر لە (94%) لە سەرووی پێوەرن بە دیوی ئەرێنید هەروەها کەمتر لە (6%) لە خوار پێوەرن. سەبارەت بە قۆناغی (7-9) و ئامادەیی بە ڕێژەی لە (100%) سەرووی پێوەرن بە دیوی ئەرێنیدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5-بە پێی پێوەرە پەسەند کراوەکان لە (100%) باخچەی منداڵان و ئامادەیی ناگونجێن لەگەڵ پێوەری بەرکەوتووی بۆ ڕووبەر ،هەرچی تایبەتە بە قوتابخانەکانی (1-6) ژمارەیان (18) قوتابخانەن لە ڕووی رووبەری قوتابخانە (11) قوتابخانەیان لەگەڵ پێوەر گونجاون بە لایەنی ئەرێنیدا کە دەگاتە (61.11%)، لە (33.33%) ناگونجێن لەگەڵ ڕووبەر تەنها یەك قوتابخانەیان هاوتایە لەگەڵ پێوەر بەرێژەی (5.55%) لە کۆی قوتابخانەکان پێکدەهێنێت. قوتابخانەکانی قۆناغی (7-9) ، لەباردۆخێکی باش دا نییە لە رووی رووبەری قوتابخانەوە و بەرکەوتەی (8) قوتابخانە لە خوار پێوەرن بە لایەنی ئەرێنیدا رێژەی (80%) و لەبەرامبەردا هەروو قوتابخانەی هاوتایە لەگەڵ پێوەر بە رێژەی (20%)، لە کۆی ڕووبەری ناوچەی پێکدەهێتێت.

6-سەرەرایی بوونی (37) خزمەتگوزاری فێرکاری لە شارەکەدا لە کاتی ئێستاماندا بەڵام شارەکە پێویستی بە (21) خزمەتگوزاری فێرکاری تر هەیە بۆ ئەوەی فێکردنی بە گوێرەی پێوەرەکانی پلاندانی پشت پێبەستراو بێت، تا ئەوەی ئەو کەم وکورییانە پر بکاتەوە کە ئێستا لە شارەکەدا بوونی هەیە.

## ڕاسپاردەکان :

1-بە پشت بەستن بە پێوەر و تەکنیکە نوێییەکانی وەك سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان، و هەست کردن لە دوورەوە (RS) دووبارە خزمەتگوزارییەکان رێکبخرێنەوە، بە ئامانجی هەڵبژاردنی شوێنی قوتابخانەکان.

2- پێداچوونەوە بەسیستمی پەروەردەیی ئێستا بکەن و کار لەسەر جیاکردنەوەی قۆناغە بنەڕەتییەکانی سەرەوە و خواروو بکەن چونکە یەکخستنی ئەو دوو قۆناغە گرفتی زۆری بۆ بەرێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەوە سەرپەرشتی پەروەردەیی لەگواستنەوەی ستافی فێرکردن و بەدواداچوون بەهۆی جیاوازیان لەڕووی پرۆگرامی خوێندن و گروپە تەمەنەکانی قوتابیان.

3-لەبەرچاو گرتنی ژمارە و و چڕی دانیشتوان و ئاراستەی فراوانبوونی رووبەری شارەکە پێوەرە نێوخۆیی و جیهانییەکان لە کاتی بونیادنانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان رەچاوبکرێت. تاکو تەواوی گەرەگەکانی شار سوودمەندبن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوە:

ا: سەرچاوەی کوردی

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان،(2022).وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی بنەسڵاوە، داتای دانیشتوان، داتای بڵاونەکراو .

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، (2022)، وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی دەشتی هەولێر،بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە

3-حکومەتی هەرێمی کوردستان،(2022) وەزارەتی پلاندانان، بەرێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر، بەشی (Gis)نەخشەی بنەسڵاوە.

ب نامەی ماستەر

1- حمه علی ،هەردی عبدالرحمن،(2016) دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژ زانستە مرۆژایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (بڵاونەکراوە)

دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

أ- الكتب:

1-السماك، محمد أزهر. والعزاوي،علي عباس، (2011)، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية والأساليب الكمية وتقنيات المعلوماتية المعاصرة (Gis)، دار اليازوري للطبع والنشر، عمان.

2-سنكري، يمان، (2008)، التحليل الإحصائي للبيانات المكانية في نظم المعلومات الجغرافية، شعاع للنشر والعلوم، حلب.

3-شحادة، نعمان، (2002) الاساليب الكمية في الجغرافيا باستخدام الحاسوب، دار الصفاء والتوزيع، عمان، الطبعة الثانية،.

4-صفر، زين العابدين على، (2015)، تخطيط المدن – أسس ومفاهيم وتطبيقات، الطبعة الأولى، مكتبة دجلة ودار وضاح للنشر والتوزيع، بغداد وعمان .

5-الخير، صفو،(2000) الجغرافية موضوعها و مناهجها و اهدافها، دار الفكر، دمش،.

6-الهيتى، مازن عبدالرحمن،(2013) جغرافيا الخدمات اسس ومفاهيم،ط1، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان.

ب/ الرسائل والاطاريح الجامعية:

1-أحمد، ديار محمد، (2014)، تحليل وتخطيط الخدمات المجتمعية في مدينة شقلاوة – دراسة في 2-جغرافية الخدمات، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.(غير منشورة).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3-رواندزي، عمر حسن حسين، (2011)، التحليل المكاني والوظيفي للخدمات التعليمية في مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (Gis)، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل. (غير منشورة).
4-سليم، هيوا صادق، (2012)، التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة أربيل، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.(غير منشورة).
5-محمود، ريبوار سعيد، (2013)، التحليل المكاني لخدمات التعليم الثانوي في مدينة كركوك، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل. (غير منشورة).
6-المجمعي، محمد حسن علي حمد، (2022)، التحيل المكاني لتوزيع وكفاءة الخدمات التعليمية في ناحية الاسحاقي اسنة 2020، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة سامراء، سامراء، (غير منشورة).
ج-/ البحوث والدوريات:
1- آل مدرس، ساكار بهاء الدين عبد الله، (2019)، تحليل الكفاءة المكانية والوظيفية للخدمات التعليمية في بلدة عنكاوة – (دراسة في جغرافية المدن)، گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤايەتييەكان ، بەرگی. 23 ، ژمارە.3.
د- المطبوعات الحكومية:
1-الجمهورية العراقية، وزارة الإعمار والإسكان، (2010) ، الهيئة العامة للإسكان، شعبة الدراسات، كراس معايير الإسكان الحضري، بغداد.
سەردانی مەیدانی لە ڕێکەوتی 2022/2/14.

پاشکۆی (1): پێوەرەکانی پلاندانانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لەعێراق

| قوتابخانه | ناوی پێوەر | عێراقی | قوتابخانه | ناوی پێوەر | عێراقی | قوتابخانه | ناوی پێوەر | عێراقی | قوتابخانه | ناوی پێوەر | عێراقی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | منداڵ/مامۆستا | 20 | قۆناغی (1-6) | منداڵ/مامۆستا | 20 | قۆناغی (7-9) | منداڵ/مامۆستا | 20 | ئامادەیی | منداڵ/مام ۆستا | 18-20 |
| | منداڵ/پۆل | 25-30 | | منداڵ/پۆل | 25-30 | | منداڵ/پۆل | 25-30 | | منداڵ/پۆل | 30 |
| | منداڵ/باخچە | 150-180 | | منداڵ/ قوتابخانە | 400-800 | | منداڵ/ قوتابخانە | 360-408 | | منداڵ/ قوتابخانە | 408-531 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. دانیشتوان | 500 0 | | ژ. دانیشتوان | 250 0 | | ژ. دانیشتوان | 500 0 | | ژ. دانیشتوان | 1000 0 |
| | بەشی قوتابی/م2 | 35 | | بەشی قوتابی/م2 | -13 14 | | بەشی قوتابی/م2 | -22 28 | | بەشی قوتابی/م2 | -25 30 |
| | ڕووبەری گشتی | 300 -0 350 0 | | ڕووبەری گشتی | 500 -0 600 0 | | ڕووبەری گشتی | 800 -0 100 00 | | ڕووبەری گشتی | 1000 -0 1200 0 |

سەرچاوە:

1- حمە علی ،هەردی عبدالرحمن، (2016)، دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر، ، کۆلێژ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ( بڵاونەکراوە)

2- أحمد، ديار محمد، (2014)، تحليل وتخطيط الخدمات المجتمعية في مدينة شقلاوة – دراسة في جغرافية الخدمات، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.(غير منشورة).

3- سليم، هيوا صادق، (2012)، التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة أربيل، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين، أربيل.(غير منشورة).

4- آل مدرس، ساكار بهاء الدين عبد الله (2019)، تحليل الكفاءة المكانية والوظيفية للخدمات التعليمية في بلدة عنكاوة – (دراسة في جغرافية المدن)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی. 23 ، ژمارە.3، ساڵی.

5- صفر، زين العابدين على، (2015)، **تخطيط المدن – أسس ومفاهيم وتطبيقات،** الطبعة الأولى، مكتبة دجلة ودار وضاح للنشر والتوزيع، بغداد وعمان .

# A Spatial Analysis of Educational Services in The Center of Erbil Plain District

**Hoshmand Jawhar Abbas**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
hoshmand.abbas@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Sangar Ahmed Hussein**
Department of Social Sciences, College of College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sangar.hussein@su.edu.krd

***Keywords:*** *Educational Services, Erbil Plain District Center, Analysis Of Location, Functional Ability*

## Abstract

Instructional services are one of the most important services provided to the population because it is one of the basic human needs and through it can be built civilization and to make social progress and development. Therefore, it has been found necessary to conduct a study on the spatial analysis of instructional services in district of Erbil countryside because education as an integrated working system and a number of interconnected elements, in which they play a role and complement each other.

The aim of the study is to determine the distribution of instructional services and their level of competencies relative to the local population. For this purpose, the study is divided into three main sections. Section one presents the theoretical framework of the study and the distribution of instructional services. In the second part, we conducted an analysis of the location of instructional services in the city. The third section focuses on the assessment of the functional competencies of Instructional services.

## الملخص

تعتبر الخدمات التعليمية من أهم الخدمات المقدمة للسكان لأنها من الحاجات الإنسانية الأساسية ومن خلالها يمكن بناء الحضارة وتحقيق التقدم الاجتماعي والتنمية .لذلك فقد تبين أنه من الضروري إجراء دراسة حول التحليل المكاني للخدمات التعليمية في قضاء ريف أربيل لأن التعليم كنظام عمل متكامل وعدد من العناصر المترابطة التي تلعب فيها دورًا وتكمل بعضها البعض.

الهدف من الدراسة هو تحديد توزيع الخدمات التعليمية ومستوى كفاءاتهم بالنسبة للسكان المحليين .لهذا الغرض ، تم تقسيم الدراسة إلى ثلاثة أقسام رئيسية .يعرض القسم الأول الإطار النظري للدراسة وتوزيع الخدمات التعليمية .في الجزء الثاني ، أجرينا تحليلًا لموقع الخدمات التعليمية في المدينة .يركز القسم الثالث على تقييم الكفاءات الوظيفية للخدمات التعليمية.